دارایی هەرێم: بەگەیشتنی تەمویل ڕاستەوخۆ دەست بەدابەشکردنی موچەی دەکرێت

وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، شاندی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵ لەسەر شایستەی موچەخۆرانی هەرێم گەیشتنە ئەنکەرەوتن، چاوەڕوانیشدەکرێت لەنزیکترینکاتدا پارەی بۆ موچەی مانگی (کانونی دووەم/1)ی 2025 بخرێتەسەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی هەرێم و بەگەیشتنیشی ڕاستەوخۆ دەست بەدابەشکردنی موچەی دەکرێت.

وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێم لەڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، دوای 15ڕۆژ کاری بەردەوام لەنێوان شاندی تەکنیکیەکانی وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدڕاڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تەکنیکیەکان و جێبەجێکردنی داواکاریەکان و ئامادەکردنی خشتەکان لەبارەی لیستی موچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و هەزەی سەربازی و ئەمنیەکان و سودمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی، دواجار توانرا هەردولا لەسەر شایستەکانی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2025 بگەنە ئەنکەرەوتنی کۆتایی".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "لەکۆبونەوەیەکدا کەڕۆژی دوشەممەی 3ی (شوبات/2)ی 2025 لەبینای ئەنجومەنی ئابوری عێراق بەڕێوەچو، شاندی هەرێمی کوردستان بەسەرکایەتی ئاوات شێخ جەناب

وەزیری دارایی و ئابووری و ئامادەبونی هەریەك لە دکتۆر ئومێد سەباح سەرکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و دکتۆر ئامانج ڕەحیم سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران و دکتۆر عەبدولحەکیم خەسرەو سەرکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچون و فارس عیسا سەرکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەغدا و خالید هادی چاوشلی ڕاوێژکار لەئەنجومەنی وەزیران بەوچو، شاندی هەرێمی کوردستان سوپاسی هەوڵەکانی محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق و دکتۆر فوئاد حسێن جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق و تەیف سامی وەزیری دارایی حکومەتی فیدراڵیان کرد کە هاوکار و هەماهەنگ و پشتیوان بون بێ ئەوەی لەسەر شایستەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بێ ساڵی 2025 بگەنە ڕێککەوتن".

ئەوەشیخستەڕو، "شاندی هەرێمی کوردستان سوپاسی دەستەی سەرکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و فراکسیۆنە جیاوازەکانی ناو پەرلەمانی عێراقیان کرد کە هاوکار و پشتیوان بون بێ پەسەندکردنی هەمواری یاسای بودجە بەتایبەت بڕگەی تایبەت بەهەنارەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان".

وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم دەشڵێت، "تیمەکانی تەکنیکیەکانی وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی تەواوکردنی ڕێکارەکانی ناردنی تەمویلی موچەی مانگی (کانونی دووەم/1)ی ئەمساڵن، چاوەڕوانەکرێت لە نزیکترینکاتدا تەمویلەکە بخرێتە سەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان و بەگەیشتنی تەمویلەکە ڕاستەوخۆ دەست بەدابەشکردنی موچە دەکرێت".

باسی لەوەشکردوە، "شاندی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان لەتەواوی کێبونەوەکان ئامادەیی خۆیان بێ بەردەوامیدان بەجێبەجێکردنی ئەو پابەندییانەی دوپاتکردەوە کە دەکەوێتە سەر شانی هەرێمی کوردستان، ئەوەش لەپێناو ئەوەی کێشەکانی ساڵی ڕابردو لەبواری لیستی موچەو خشتەکان و تەمویل و تەرخانکردن و پابەندییەکانی هەرێم دوبارە نەبنەوە و موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان وەك تەواوی موچەخۆرانی ناوچەکانی دیکەی عێراق لەکاتی خۆیداو بەبێ کێشەی موچەکانیان بەتەواوی وەربگرن".